کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-4-2007 22:00بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# سەبارەت بە (نیازی حەمە عەزیز) ئەوانەی ئەمڕۆ یان لە بیر نیە، با قسە لەسەر دوێنی نەکەن ... شانۆ کار / فریاد عەبدولرەحمان

ڕانیە

نەبوونی هۆشیاری و تێگەیشتن لە چەمکی ئازادی و والابوونی دەروازە بێسەر و بەرەکانی کوردستان و تەشەنەکردنی ڤایرۆسی قەڵەم بەدەستەکانی ئەمرۆ. وایکردووە کە ئەمرۆ بە دوێنی و بە پێری بگۆرنەوە.. لەگەڵ هەر گۆرینەوەیەکدا ڕاستیەکان وەك خۆی ناگوترێت، چەواشەکاری و بەلارێدابردنی خوێنەر سەرهەڵدەدات، لێرەوە مێژوو بەرەو چەواشەکاری دەڕوات. لەجی ی قەڵەمە جوانەکان و پەیڤە ناسکەکان دەیان قسەی نابەجی کەدوورە لە ڕەوشتی بەرزی نووسین دەگوترێ. وێڕای دەستخۆشیم لە بەرێز (نەبەز گۆران) کە هەڵسا بە هەڵبژاردنی بابەتێکی گرنگی ئاوا لە (کتێبی قەڵەمەکانی بەعس... ) کەدەکرێت ووردتر و ژیرانە تر بڕوانێتە بابەتەکە و لە جێی هەر باسێك بەڵگەیەك هەبێت تا قەڵەم فرۆشەکان نەتوانن حاشا لەرابردوویان بکەن. هێنانەوەی بەڵگە نیشانەی ڕاستی مەسەلەکان دەسەلمێنێت، بەلام نەبوونی بەڵگە – بەلام بەڵگەی تەواو نەك چەواشەکاری - کە پێم وایە لەپیرۆزی بابەتەکە کەمدەکاتەوە و دەچێتە خانەی سووکایەتیکردن بەموقەدەساتی کەسانی تر کە قبوڵ نیە، لەهەمان کاتیشدا دەرگا بۆ هەموو ئەوانە والا دەبێت کە بۆ مەبەستی جیا لە ڕۆشنبیری، دەیانەوێ ئەسپی چەواشەیی خۆیان تێدا تاوبدەن. ئەم هەلە بەهەلێکی زێرین ناوبەن و دەکەونە چاندنی (ڕقەکانیان) بەرامبەر بەشتە پیرۆزەکان. ئەوکات بابەتەکە گەنیو دەبێت و خوێنەر بێز لەخوێندنەوەی دەکات...

بەهەرحاڵ من نامەوی پاساو بۆ هیچ کەس بهێنمەوە تەنها ئەوەنەبێت پێویستە ڕاستیەکان وەك خۆیان بخرێنەڕوو تا ببینە خاوەن مێژوویەکی پاك و دوور لەچەواشەکاری و قسەی نابەجی و ڕق و قینە کە کەبەداخەوە ئێستا لە کوردستان ئەم دیاردەیە زۆر باوە، لێرەوە من دەمەوی بلێم:

· بەرێز کاك نەبەز کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوە چونکە لە کتێبەکەیدا هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆی پێ نیە تا بتوانێت ڕاستی بابەتەکەی بسەلمێنێت کە کاك (نیازی حەمە عزیز) بەچ شێوەیەك قەڵەمەکەی بۆ بەرژەوەندی ڕژێمی بەعس خستۆتە گەر. بەداخەوە تێکەڵ بوونێکی بەرچاو لە بابەتەکەی نەبەز بەدیدەکرێت و کوێرانە! کەوتۆتە تەشهیر کردنی قەڵەمەکان و هیچ جیاوازیەکی بابەتی لەنێوان قەڵەمەکاندا نەکردووە، ئەمەش کەم ئەزموونی دەردەخا.

· بلاو کردنەوەی هەواڵی هونەری و ڕۆشنبیری لەو سەردەمەدا گەیاندنی دەنگی شانۆکاران و ڕۆشنبیری ناوچەکەمان بوو کە ئەوکات شانۆکاران و ڕۆشنبیران بە سازدانی کۆڕ و نمایش کردنی شانۆ کانیان دەیانگووت: (خەبات هەر بەردەوامە) . ئەم گەیاندنەش لە ڕێگەی قەڵەمە دڵسۆزەکانەوە بوو کە کاك نیازی حەمە عەزیز یەکێك بووە لەو دڵسۆزانەی کەتوانی زیندوویی هەمیشەیی بۆ کارەکان بخولقێنێت. لەم دەقەرەمان چەند بەرێزێکی کەش ئەم ئەرکەیان بەجی هێناوە..

· قسە کردن لەسەر دەقە نمایش کراوەکانی وەك [ زیندانی - بۆیاغچی - سەرچاوەی ژانێکی خامۆش - ئەوپیاوەی بوو بەسەگ - شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە - دەرمان کە نووسەرەکەی کاك نیازی بوو - دەیان دەق و کۆری ڕۆشنبیری دی ] نیشانەی نیشتمان پەروەری و ئازایەتی بوو کە ئەوکات هەریەکە لەم شانۆیانە ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و جۆشدانیان بەرەو خەبات. ناکرێت و قابیلی قبوڵ نیە ئەو قەڵەمەی نیازی بخرێتە خانەی خزمەت کردن بە ڕژێمی بەعس.. کەدەنگی ڕۆشنبیرانی شارەکەمانی بە کوردستان ناساند و مێژووی بزاڤی هونەری بۆ نەوەکانی ڕانیە و قەلادزی تۆمارکرد.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

• ناوی خوازراوی (ڕێبوار) و هەرناوێکی تر بۆ نووسینی هەر بابەتێك چ فکری چ سیاسی وچ رۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری نرخ و ئەرزشی ئەوتۆی نیە، چونکە هەمیشە جێی گومانە! بەتایبەت ئەگەر بابەتەکە بێ بەڵگە و نەبوونی ناوی تەواوی نووسەر بڵاو کرابێتەوە. لەبەر نەبوونی نرخ وئەرزش هەر پێویست بە وەڵام دانەوەی ئەو بابەتە ناکات کە ناوی تەواوی نووسەری لەسەر نیە.. بەتایبەتی ناوی خوازراو لە رەخنەدا هەرگیز جێی سیقە نیە!!

ماوەتەوە بڵێم: مخابن ئەو قەڵەمەی کە سالآنی هەشتاکان دەنگی رۆشنبیرانی شارەکەمی دەگواستەوە بۆ شارەکانی تری کوردستان، ئەو قەڵەمەی بوێرانە بەرژێمی دەگووت: رۆشنبیرانی شار مەشخەڵن بۆ ئازادی، ئەوا ئەمڕۆ خرایە ریزی قەلەمەکانی بەعس.. تۆ بڵێی چی بەو قەڵەمانە بگووتری کە لەشەری ناوخۆ دا بێ زمان بوون یان ببوون بە ئاگر بۆ جۆشدانی شەڕ، یان لە گۆرانکاریەکانی ئەمڕۆ جورئەت ناکەن بێنە قسە.. یا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و بەرپرسیاریەتی خۆیان سەرچۆپی دەگرن و دەسرۆکەی دووڕوویی هەڵدەسوورێنن، تۆ بڵێیی ئەوانە بە قەڵەمی خاوەن خەباتی نەبراوە ناو نەبرێن و! مەدالیای ئاڵتوونی بەبەرۆکی خاوەنەکانیان بکرێت؟؟.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.